# حکوومەتی هەربێنە

گۆران محەمەد



رەخنە لە شتێگ دەگیرێ کە بە لاتەوە گرنگ بێت، دەنا گوێی نادەیتێ، لێرەوە ئەوە کارێکی باشە هەموو کەم و کورپیەکەی ئیدارەی کورد لە کوردستاندا بکرێتە بابەتی رۆژنامە و بلاوکراوە و مالپەرەکان، چونکە ئەوە ئەو رێگە دروست و تەختەیە کە دەبێت ئیدی شاخی بۆ جێبێلین.

لە کوردستان زۆر جاران بابەتگەلی ئەنتیکە روو دەدەن، هەر بۆیە کەرەستەی نووسین بە کۆتا نایەت، زۆر جاران دەیبیستین و دەشیلێینەوە کە لە هەموو ولاتێکدا خەلك حکوومەت دەژیێنێ نەك بە بێچەوانەوە، دیارە ئەمەش بە رێگەی دروستی باج وەرگرتنەوە دەبێت، ئەمەشیان هەلبەت لە پاش ئەوەی سیستمێکی سەقامگیری داهات و کار و چالاکییە ئابوورییەکان دێنە گۆرێ جا با ئەمەیان بۆ پسپۆرانی دارایی بێت و من دێمەوە سەر ئەو باج وەرگرتنەی لە کوردستاندا هەندێ جار لە سەرانە سەندن دەچێت و وای لە هەندێ کەس کردووە و بە سوعبەتەوە (کە نیوەی راستە) بلێن ئەرێ گەلی برا ئەمە حکوومەتی (هەرێم) ە یان حکوومەتی (هەربێنە)یە، باسەکەش لەوەوە دێت کە دەزگەکانی حکوومەت بەم دوواییانە هەلیان کردووەتە سەر ئەو کارمەندە کوردانەی (کە زۆرینەیان گەنجن) و لە ئاژانسەکانی یوو ئێندا کار دەکەن و داوایان لێکردوون کە باج (سەرانە) لە سەر مووچەکانیان بدەنە حکوومەت و هەر ئەوەندەش نا بەلکوو دەبێ قەرزی یەك دوو سال پێشتریش بدەنەوە و ئەگەریش نەیاندا ئەوە پێیان رگەیاندوون کە زیندانیی دەکرێن.

ئەم زانیارییانە کە شتێکی شاراوە نین چەند گەنجێکی هاورێم کە لە ئاژانسەکانی یوو ئێن لە هەولێر کار دەکەن بۆیان باس کردم و بێگومان ناویان نابەم چونکە ئەگەر ئێستا رێژەیەکی مووچەکەیان لێدەسەندرێت ئەوە ئەگەر ئاشکرا بن دوور نییە هەموو مووچەکەیان لێ لووش بکەن.

جا خەلکینە ئەوەی کە حکوومەت مافی خۆیەتی باجی دەرامەت و هەموو باجەکانی دیکەش وەرگرێت؛ ئەوە منیش بە کارێکی سروشتیی دەزانم، بەلام هەقمانە بپرسین باشە ئەم باجە لەو بەرپرسانەی حکوومەت دەسەندرێت کە سێ جاری مووچەی کووفی ئەنان وەردەگرن؟ ئایا ئەم باجە مەسرەفی شەوانی سووری هەندێ لە بەرپرسان دەگرێتەوە؟ مەسرفی ئاوی حەیات دەگرێتەوە کە لە هەندێ جێدا پیالەی پێ دەشۆن نەبادا پاشماوەی کلس بە پیالەکەوە دیار بێت و کاکی شۆرشگێر بێزی لێ بێتەوە؟ حکوومەتی هەرێم یان هەربێنە (بە قەولی هەندێك) گلەیی لەو گەنجە کلۆلانە دەکات کە لە بێ چارەییدا ولات جێدێلن و روو لە هەندەران دەکەن، کەچی ئەو گەنجەی دەرفەتێکی ژیانی تا رادەیەك باشی چنگ دەکەوێت تەماعی تێدەکەن و سەرانەی بە ناوی باجەوە لێ دەسێنن، گلەیی لە هەموو ئەو گەنجانە دەکەم کە کوردستان جێناهێلن.

ئەگەر یاسا هەیە با بۆ هەموومان بێت ئەگەریش یاساتان بە سەر شۆرشگێرە بە نازەکانی خۆتانا پێ جێبەجێ ناکرێت ئەوە لەو گەنجانەش گەرێن کە بە توانای خۆیان دەلیڤەیەکی کاریان چنگ کەوتووە، خۆ ئەگەر هەر سووریشن لە ستاندنی ئەو سەرانەیەی لە عێنکاوا پەیدا دەکرێت، ئەوە پێشنیار دەکەم بیدەنەوە ئەو بەرپرسانەی چالاکانە هەر لە عێنکاوادا سەرفی دەکەنەوە.

goransalih@hotmail.com

تێبینی: ئەم سەرانەیە ماوەیەکی زۆرە لە سلێمانی دەسەندرێت و ئەوە هەولێریش فێر بوو.